# Kurdan

# کوردان

Kurdan2007@hotmail.com Kurdan2007@hotmail.com Kurdan2007@hotmail.com

**گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە ... بەرهەمی دەستەیەک قەڵەمی ئازادە**




**ژمارە { ٩ } نەورۆزی ساڵی ٢٧٢٣ کوردی بەرامبەر بە ٢٠٢٣ زایینی**

سەرنووسەر خاوەن ئیمتیاز

عەبدولکەریم بەرزنجی




# بانگەشە



عەبدولکەریم بەرزنجی

ئارەزومەندم بەکورتی بنووسم ، تا خوێنەر وەڕس نەبێت.


گەر بەڕێزت ئومێدێکت هەیە و لەپێناوی بەدیهێنانیدا دەژیت ، و بووەتە ئامانجی هیوا و خەونەکانت ، ئەوە مانای ئەوەنیە کە تۆ مرۆڤێکی جیاوازیت ، بەڵکو مانای وایە کە تۆ مرۆڤێکی سروشتیت و خوداوەند دایهێناویت بۆ ئەوەی ئەم ژیانە بژێیت ئەویش سەرکەوتن و دۆڕاندن ، ئومێد و بێ ئومێدی لەخۆدەگرێت .
ئەوە سروشتی ژیانە ، بەڵام پێویستە مرۆڤ هیوا و بڕوا بەسەرکەوتنەوە گرێ بدات تەنها بەهەوڵدان و پشتبەستن بە خودا کۆشش کردن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی .
بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی بەبڕوا و ئومێدەوە دواڕۆژی گەشیان کردووەتە بەرنامەی ژیانیان ..! تازووە ، ئەمڕۆ دەسبەکاربە و چاوەڕوان مەبە سبەینێ کەسێك چەپکە گڵت بۆ بێنێت ، بەڵکو باخچەی ژینی خۆت پاراو و گوڵڕێژ بکە ، تا بەروبومەکەی لە ژیانی ئێستە و دواڕۆژتدا بچنیتەوە.
مێژوویەك و سەروەرییەك بۆخۆت بونیاد بنێ ، گەردوون هەمووی لە بزووتندایە و ژیانیش هەمووی لە گۆڕاندایە ، ئەی تۆ بۆچی ناگۆڕێیت ..؟!

**وزەی خۆت بخەرەکار☼**

ئەو وزەیەی هەتە ، لەپێناو دونیا و دواڕۆژ و نەتەوەکەتدا بەکاری بێنە ، و لەهەر بوارێکدا توانات هەیە ..! ئەسپی خۆت تاودە.
دۆڕاندن و بێ ئومێدی لە فەرهەنگی مرۆڤی خاوەن بڕوا و نەتەوەپەزێردا نیە ..!
چیرۆك زۆرن دەربارەی خەڵکی خاوەن هیممەت و ئەوانەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان تێکۆشاون و سووربوون لەسەر وەدەسهێنای ویستی دەسنیشان کراوویان لە ڕێچکەی ژیانیاندا .

بۆیە لەڕێگەی گۆڤاری( کوردان )ـەوە دەخوازم ڕووی لێدوانم بکەمە ئێوەی شکۆمەند لە ڕۆشنبیران و خاوەن قەڵەم و بیرمەندانی دڵسۆزی نەتەوەی کوردمان بۆ بەشداریتان لە گەیاندنی بەرنامەکانی پەروەردەیی بێخەوشی کوردەواریمان ، بۆ جیلی هەڵکشاوی تازەپێگەیشتووی خانەوادە ئازیزەکانمان لە دەڤەرەکانی وڵاتی دەنیمارك.
بێگومان شرۆڤەکردن لە بوارەکانی ڕەوشت و مێژوو و باس وخواستی چیرۆکە نەتوەییەکان و کارکردن بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی کە جیلی نوێمان پێیدا تێپەردەپەڕن ..! ئامانجی گۆڤارەکەمان و نووسەرانی گۆڤاری[ کوردان ]ـە.

شاد و بەختەوەربن ، خوداوەند سەرفرازتانکات .



# ترس :------------------------------------------ عدنان بەرزنجی



عدنان بەرزنجي

کارەساتی گەورەی لای مرۆڤەکان ترسە . ترس سەرچاوەیە بۆ دروست بونی چەندین ڕەفتاری نەرێنی و نەخوازراو هەر لەبەر ئەوە دەبێت منداڵەکانتان - سەرجەم ئەندامانی خانەوادەکانتان .. پارێزراوبن لە ترس.

ترس : چەندین جۆری هەیە کە هەموو مرۆڤەکان ئەگەری بەرکەوتنیان هەیە ..!

ترس لە نە بونی ، ترس لە جێهێشتن ، ترس لە لێدان ، ترس لە دەرکردن ، ترس لە گرتن و زیندان ، ترس لە کوشتن ، ترس لە دابڕان ، ترس لە کۆمەڵگە ، ترس لە زمانی خەلکی ، ترس لە چاوەڕوانی ، ترس لە خەیاڵ و جەهەنەم هەموو ترسەکانی تر. لێرەدا باسی ترسی منداڵێک دەکەم کە ترسی لەدڵدایە جێیبهێڵن ، بزانین چۆن هەلسوکەوت دەکات.؟

منداڵێکی تەمەن ٣ ساڵ ترسی ئەوەی هەیە دایکی یان باوکی بەجێی بهێڵن .

کاتێک منداڵ دەست دەکات بە چۆن بەرەو باخچەی ساوایان یان بۆ مەکتەب، هەروەک ئەوەی کە خوا خوای بێت منداڵەکە لە کۆڵی ببێتەوە، دەیداتە دەست دادەکان یان مامۆستاکان و ڕادەکات، گەرچی هەندێک لەو دایکو باوکانە ئیشوکاریان هەیە دەبێت پێی ڕابگرن بەڵام، گەیاندنی منداڵ بە باخچەو مەکتەب پڕۆسەیە، دەبێت کاتیان هەبێت تا منداڵەکە لەسەرخۆ بچێت بۆ جێگەکەی خۆی و لە کەشێکی ئارامدا بن تامندالەکەیان ئارام بگرێت.

دەبێت دایکوباوک هۆشدار بن بەوەی ڕێک بکەون لەگەڵ منداڵەکەیاندا کە تۆ دەچیت بۆ باخچە و یاری دەکەیت و هاوڕێکانت دەبینیت، کاتێکی خۆش دەبەیتە سەر و فێری ژیانی تازەو ئەزمونی تازە دەبیت.

کاتێک کە منداڵەکەت بەجێ هێشت واتە زیندانت کردوە بۆ چەند کاتژمێرێک کە چاوەڕوانی ئازادبوون هێزو توانایەکی زۆری لێ دەبات هیچ خۆشیەک لە ڕۆژەکەی نابینێت، گرنگیشە کە بلێم فێربوون لە کاتی خۆشیدا دەبێت نەک بە ترساندن و زیندانکردن.

هەندێک دایک هەن دوعا لە خۆیان دەکەن بەتایبەتی لەبەرچاوی منداڵاندا کە بمرن یان شەهید بن ...هتد . زۆرێک لەو منداڵانە کە ئەو ترسە لە لایان دروست دەبێت هەر لە سەرەتای ژیانیاەوە شەڕانگێز و دەست وەشێنن و توڕەدەبێت و بێ هیچ هۆیەک دەکرێت دەست بوەشێنن . هەندێکی ترمان هەمیشە لە دڵەڕاوکێی و دوودڵی و خۆخواردنەوەدا ژیان دەکان، ڕەنگە بەشێکیان پرۆسەی فێربوون لەدەست بدەن، تواناى ووردبینی تێگەیشتنیا کەمبکاتەوە باوەڕبەخۆبوون تاڕادەیەکی زۆر لەدەست بدەن توانای هاوڕێیەتی و هاوکاری و یاری خۆشییان کەم بکاتەوە، ڕەنگە کەسانی دەوروبەر پێیان وابێت کە یەو منداڵە خراپ پەروەردە کراوە لەبەر ئەوە شەڕاگێزە، ئەکرێت دایکێکی زۆر میهرەبانی هەبێت یان باوکێکی بەهەمان شێوە، بەڵان ترسێکی لەلای مندالەکەیان دروست کردبێت بەهۆی ئەو هەڕەشەی جێهێشتنی و دوعا لە خۆکردن ... هتد

گرنگە کە منداڵەکانتان بپارێزن بەوەی کە لە بەردەمیدا هەموو گوفتارێک نەکرێت. ڕەنگە منداڵەکەت بە شتێک، یان بەداواکاریەک بێزارت بکات، بەڵام بزانە موشکیلەی چیە، لێی تێبگە بەوردی گوێی بۆ بگرە تا زیاتر بێزارت نەکات، لە جێی ئەوەی بیترسێنیت . دوربە لەوەی دوعا لە خۆت بکەی دوعا لەو بکەی ... هتد . لەجێی ئەوە گوفتوگۆ بکە.

باوکێک بۆی باس کردم کە کچەکەی زوو زوو بێزاری دەکرد ، داواکاری زۆر بوو، هەڵسوکەوتی کچەکە دایکی بە تەواو هەژاندبوو و بێزاری پێوە دیاربووە .
ڕۆژێك باوکەکە چەقۆیەك پیشانی کچەکەی دەدات و دەڵێت لەداخی تۆ خۆم دەکوژم. بۆ منداڵەکە هەر یەک ڕەنگدانەوەی دەبێت ، کە بڵێ تۆ دەکوژم یان خۆم دەکوژم ئەو ڕەفتارە وادەکات مندالەکە هێندەی تر شەڕانگێز بێت و هێمنی لەدەست بدات . دەتەوێت ئەو ڕەفتارانەی کە باسم کردن لە منداڵەکەتدا کەمتر بن، هەوڵ بدە کە ژیانێکی ئارام بۆ منداڵەکەت دابین بکە.

ئەو منداڵەو تۆ گەورەی. زاناو دانا تۆی، کەسی بەتوانا تۆی، هێزی بیرکردنەوە لای تۆیە.کاتێک ئەو توڕە دەبێت واتە کێشەی هەیە تۆی گەورە لەسەر خۆ بەو بۆی چارەسەر بکە، هەوڵ بدە هەمیشە بە ئاگایە بەتایبەتی کە لەگەڵ منداڵەکەتدا دەبیت، هێمن بە، لەسەر خۆبە، تا ترس لەلای منداڵەکەت دروست نەبێت پاشان بۆ چاک نەکرێت. بە پێی یاسای دانمارکی باوك نیە بە ترس بخاتە دڵی منداڵەکەیەوە و چەقۆ بەدەستەوە بگرێت و بڵێت( خۆم دەکوژم ).

ژینێکی خۆش بۆ هەمووان

عەدنان بەرزنجی

# توڕەبوون ---------------------------------------------؟



عدنان بەرزنجي

کاتێک مرۆڤ توڕە دەبێت واتە فشارێکی لەسەرە ، کێشەیەکی تایبەتی هەیە جا لە نێو ناخی خۆیدا بێت یان لەگەڵ دەوروبەریدا . مریڤ لە خۆشیدا توڕە نابێت یان بەبێ هۆ توڕەنابێت ، بەڵام پێویستیان بە یارمەتی دەوروبەریان هەیە لەوکاتەدا. پێویستیانە کە گوێیان بۆ بگیرێت وە لێیان تێبگەن .

هەرگیز نەکەن کاتێ کەسێکی توڕەتان بینی ئێوەش توڕە بن .

لەکاتێکدا کە منداڵەکەت ، یان براکەت ، خۆشکەکەت ، کەسێکی بەرامبەرت لە حاڵەتی تووڕەبووندا بینی هەوڵ بدە پێی بڵێ : " حەز دەکەم یارمەتیت بدەم ، گرفتەکەت چیە ..؟ بۆم باسکە " ، هەرگیز کەسەکە بە خەتابار دامەنێ ، لە کاتێدا ئەو توڕەیە ، بۆ نمونە پێی بڵێی :
‹ خەتای تۆیە › . لەهەمان کاتدا هەرگیز خەتا مەدەن بە کەسانی تر کە کارێکی نەشیاویان ئەنجام داوە ، و بڵێن : " خەتاکە هی ئەو بوو" .
با خەتا دەسپێکی ئاخافتن نەبێت چونکە " لاوازی بیر و ڕق ئەستووری و کینە لای کەسەکە دروست دەکات ، باشتر وایە تا بتوانرێت کێشەکە چارەسەر بکرێت .

ڕەنگە هەندێك لە"توڕەبیەکەیەکان" گرفتی ئێستای کاتەکەبێت ، بۆیە دەکرێت چارەسەر بکرێت بێ ئەوەی ڕەنگدانەوەی بۆ داهاتوو هەبێت.

بۆنمونە : مرۆڤێك دەکەوێت . دەبێت هەستی کەوتوەکە ڕابگیرێت کەسێک نزیک بێت. کە باسی ئازای کەوتنەکەی دەکات، لەگەڵی بە بڵێ " هەستت پێ دەکەم کە بە ئازارە. دەزانم ناخۆشە ئاسان نیە. دەست بێنە بەو شوێنەدا کە دەڵێ ئازاری هەیە .

ئەگەر یەو کەوتنە لە ڕێگەی یەکێکەوە بوو‹‹هەوڵ بدە دیسان هەمان شت بکە ›› ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە کەسەکە مەدەنە بەر توانج و تەشەر ووشەی نەشیاو . یان ئەگەر کەسەکە جوێنی پێدای . پێی مەدەرەوە ، و بە نەرمی پێی بڵێ : دەزانم ناخۆشە بەڵام من قسەی لەگەڵ ئەکەم . کە بۆی نیە پاڵ بنێت یان کەسێک بخات"

لێرەدا ئەوە گرنگە کە کەسەکەوتوەکە کە ئازای هەیە. ڕێز لە هەستەکانی بگیرێت.

گرنگیشە کە لەگەڵ بکەرەکەش گفتوگۆ بکرێت کە بۆی نیە کەسێک بخات. هەڵبەتە لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە " ئەوەی کەسێکی تر ئەخات ، هەرگیز بێ هۆکار نیە ، ڕەنگە کەوتوەکە خۆی بکەرەکەی توڕە کردبێت، لێرەدا دەڵێین بەهەر حاڵ نابێت پاڵ بە کەسێکەوە بنێیت، وە ئازاری پێ بگەیەنیت" .

یان ڕەنگە کەسە بکەرەکە گرفتێکی ناوخۆیی هەبێت کە ڕەنگدانەوەی بەو جۆرە بوبێت وە نەیتوانیوە خۆی کۆنترۆڵ بکات واتە ئەمیش پێویستی بە گوێگرتن هەبێت لەبەر ئەوەی کە کێشەی هەیە.

ئەکرێت کاریگەری کەسی سێهەم بێت بۆ نمونە کەسێک پاڵێ بە بکەرەکەوە ناوەو کەوتوەکەش لە پشتیەوەبوبیت.

واتە لەگەڵ کەسی سێیەمیش دەبێت گفتوگۆ بکرێت تا چارەسەر کێشەکان بکەن توورەییەکان بدۆزنەوە ئارامیان بکەنەوە.

هەندێک جاریش مرۆف توڕە دەبیت کە کەسانی دەورو‌پشت لێی تێ ناگەن،ئایا زمانێکی بتەوی دارشتنی نیە و ناتوانێت دەرببڕێت ؟ یان

ئایا ووشەکانی بەهەڵە بەرگۆی بەرامبەر کەوتوە نەیتوانیوە وەک پێویست لێی تێ بگات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی توڕەیی لەلای تاکەکان .

ئەم نمونەیە بۆ زۆر کاتی تر بەکار دێت

ئارامی بۆ هەموان : عەدنان بەرزنجی

# توندوتیژی خیزانی و کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەلگە



چیمەن سماقوولی

پێش ئەوەی باسی توندوتیژی خیزانی بکرێت دەبی چەند دەستەواژەیەك روون بکرێتەوە و پیناسەی بۆ بکرێت.

## خێزان :

لە کۆمەلگەی ئیمەدا خیزان دامەزراوەیەکی شەرعیە و بە عەقدێکی شەرعی ، کە ژن و پیاو ژیانیان بەیەکەوە دەبەسترێتەوە وبەرنامەی ژیانیان لە چوارچێوەیەکدا دادەڕێژن کە خۆیان لەسەر بنەمای دین و ئەخلاق و ئاستی بەرچاوڕوونی و هۆشیاری هەر یەکێکیان بناغەی خێزان ژن و پیاوە ، پاشان منداڵ دێنەنێوان . خیزانی گەورەتر هەن کە باپیر و داپیر دەگرێتەوە.

## رۆلی خیزان //

دەبی شوێن ، و ئارامی ، و ئەمان ، بۆ ئەندامەکانی دابین بکات . مالێکی گەرم و گوڕ - شوێنێ هێمن ، سامان ، سۆز و خۆشەویستی . دەبێ خێزان قوتابخانەیەکی بنەڕەتی بێت بۆ ئەندامانی . مندالان لە ناو خیزاندا فێری ڕەوشت جوانی ، و رەحم کردن بە یەکتر ، سۆز ، خوشەویستی ، و گرنگی دان بەیەکتر دەبن . کەواتە خیزان دامەزراوەیەکی زۆرگرنگە و کرۆکی کۆمەلگەیە

## توند و تیژی خیزان :

خۆی لە هەلسوکەوتێکی ناشریندا دەگرێتەوە ، کاتێك کە یەکێك لە ئەندامانی خیزان توند و تیژی بەرامبەر بە ئەندامانی تری خێزانەکەی دەکات ، و زەرەر و زیانی جەستەی ، و دەروونی لێ دەکەوەیتەوە . زەرەر و زیانی توندوتیژی ئەوەیە کە دەرئەنجامی : دەست وەشاندن ، لێدان ، بریندار کردن ، و سوتان مۆربوونەوە و شێواندن لەسەر ڕوو و جەستە دەردەکەوێت.

## توندوتیژی دەروونی ۞

گووتنی تیروتوانج و قسەی ناشرین ، شکاندنی کەسایەتی ، و کەمکردنەوەی نرخی تاك ، و سوکایەتی پێکردن ، و بەکەم سەیرکردن ، و هەست پێ نەکردنی ، وەك ئەوەی زوترێت : بەکەڵک نایەت .. ناتوانی هیچ بکات . هەموو ئەمان کاریگەری خراپی لەسەر کەسایەتی ئەندامانی خێزان دەبێت

## قوربانییەکانی توندوتیژی کێن ؟

### منداڵ :

منداڵان لە ڕووی جەستەییەوە لاوازن و لە گەشەکردنی عەقڵدا هەمیشە پێویستیان بە گرنگی پیدان و ئاگاداربوون لێیان . منداڵان توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت ..!! لەلایەن باوك ، یا دایك ، یا برای گەورە ، یا مام یان کەسانی تر لە دەوروبەردا . بەتایبەت ئەو مندالانەی کە بێ سەرپەرشتیارن زۆرزیاتر تووشی توند و تیژی دەبنەوە.

### ژنان :

لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا ژنان بەلاواز دەژمێردرێن جونکە دەبێ ژن لە زۆر ڕووەوە تەنازول بنونێت . تنازل کردن لە مافەکانی خۆی بۆ هێشتنەوەی خیزانی ، بۆ پاریزگاریکردن لە منداڵەکانی ، و قوبوولکردنی سوکایەتی پێکردن و توندوتیزی لەپیناو مندالەکانیدا ، یان ناکرێت وعەیبە کە تەلاق بدرێت ، یان کەسی نییە پشتی بگرێت ، یاخود بەهۆی باری ئابوورییەوە .

### کەم ئەندامان :

ئەو جۆرەکەسانە بەهۆی لاوازی جەستە ، و هزر و هۆشیانەوە ..! توندوتیژی بەرامبەریان دەکرێت . وەك : تەماشاکردنیان بەچاوێکی سوك ، یان بەزەیی ، یان تیزپیکردن ، یان شەرمکردنی خێزانەکەی لە دەرخستنیان لەنێو کۆمەڵگەدا و وایان هەست بدەنێ کە بارگرانین لەسەر خێزان و قوبووڵ نەکردنیان لە کۆمەلگەدا.

### بەساڵاچووان:

ئەوانەی کە تەمەن و خۆشی ژیانی خۆیان کردووەتە قوربانی بۆ خۆشگوزەرانی خیزان و مندالەکانیان ، و لە برەودان بەکەسایەتی خۆیان بوردوون ، بۆ گەورە کردنی مندالەکانیان کاتێکیش کە مندالەکان خێزان پێك دێنن و مالی خۆیان دەبێت دایك و باوکیان پشتگوێ دەخەن . لە کاتێکدا کە دایکان و باوکان پێویستیان بە مندالەکانیان دەبێت ..! خۆیان لێیان دەشارنەوە ، نایانەوێ بەخێویان بکەن . ئەو

دایك و باوكانەی دەكەونە ژێر دەستی بووك ..! زاوا و كچ و كوڕیان ..!؟ ئەوانەی كە مامەڵەی شیاو و گونجاویان لەگەڵ ناكەن . ئەوگرووپانە تووشی توندوتیژی دەروونی زۆر ، و توندوتیژی جەستەییش دەبنەوە . بەلام دەروونییەكە زیاترە.

## جۆرەكانی توندوتیزی چین ؟

**چی دەچێتە قاڵبی توندوتیژیەوە ؟**

**توندوتیژی بە ئاخافتن :**

وتەی ناشرین ، جنێودان ، قسەی سوك ، بوختان ، كەرامەت شكاندن بە قسە ، سوكایەتی كردن بە قسە و گفتار ، لۆمەكردن و زەم كردن ، هەر گووتنەك كە بریندار كردن و لە قیمەت كەمكردنەوە بی ، درۆ هەلبەستن ، ئەوانە هەموو دەچنە قالبی توندوتیژی ئاخافتن ـەوە.

**توندوتیژی جەستەیی/**

هەر كارێك بكرێت كە ەهۆیەوە جەستە زەرەرمەند بێت ، وەكو لێدان ..! جا لێدان .. بە دار بێت ، بە ئاسن بێت ، بە پێلاو بێت بە دەست وەشاندن بێت. هەمووی هەر لێدانە و زەرەر و ئازار دەبەخشێ

***لێدان :*** كە شوێنەواری لەسەر جەستە دەركەوت ، وەكو شێن و مۆر بوونەوەی چاو ، ڕووی كەسەكە ، و پەلەی تر لەسەر جەستە ، وەك : سوتاندن و داخكردن - جا بە كلكی كەوچك ، یان جگەرە ، یان سوپا ، یان هەر هەر ئامێرو ئالەتێكی تر بێت . لێدان بە پێلەقە لە هەر شوێنەكی جەستە یان پاڵ پیوەنان و بەردانەوە بە ئەنقەست ، جا لە سەر قادرمە یان بە دیواردا دان ، یان دەست بادان و شكاندنی دەست و قاچ شكاندنی پەراسو ، سەرشكاندن .... هتد.

ژەهرخواردكردن ، برسیكردن ، زیندان كرنی منداڵ یا ژن لە ژوورێكدا ، كە ریگەی سەراویشی پێ نەدرێت . دەركردنی منداڵ و ژن لە ماڵ ، هەموو ئەو ڕەفتارانە دەچێتە خانەی توندوتیژیەوە .

**توندوتیژی جنسی//**

دەست درێژی جنسی لەلایەن ئەندامی خیزان یا كەسانی دەرەوەی خێزان بەرامبەر بە منداڵ ، ژن ، كەم ئەندام ، هەتا بە ساڵاچووش ، ئەوەیان خراپترین جۆری توندوتیژییە ، و كەسەكە ناتوانێت لە دەرئەنجامەكەی رزگاربێت ، و كاریگەری هەتاهەتای لە سەر دەمێنێتەوە.

**توند وتیژی دەروونی:**

لەوحاڵەیاندا شوینەواری بەدی ناکەوێت ؟؟

بۆیە زۆکاریگەرییەکە زۆر خراپترە لە توندوتیژی جەستەیی و ئاسەواریشی زۆر دەمینیتەوە ، لەوانەشە هەر چارەسەر نەکرێت و گرێ و گۆلی ئالۆز دروست بکات نموونەی ئەم جۆرە توندوتیژییە : ئیهانە کردن ، ترساندنی منداڵان و ژنان و دابرانیان لە دەرەوە و دەوروبەر بەکارهینانیان لە خزمەت پێکردنی خۆیی بێ گوێدان بە هیج پیوەریکی ئەخلاقی و ئاییني ، سوکایەتی پیکردن ، زەوت کردنی مافێکیان ، و بەموڵك کردنیان ۆ خودی خۆیان ، زۆری لێکرنیان دژی بە ئارەزو و خواستەکانیان و بەزۆر پێکردنی ئەو کارانەی کە رقیان لێیە و، نایانەوێ بێکەن مەنع کردنیان لە دابینکردنی جڵ و بەرگ و خۆراك و پیداویستی تری ئەساسی ... هتد

**هۆکارەکان چێن ؟**

پالنەری خودی کەسەکە ، یانی لە بنەڕەتدا پێکهاتەی کەسیکی رەقهەڵگر و توندوتیژە ، ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ خیزان و شێوازی پەروەردەکردن و مامەڵەکردنی خیزانەکە لە جۆنیەتی بەخێوکردن و پالپشتی کرندیان لە جونیەتی تەربیەت و چاندنی هۆشیاری ئاییني و ئەخلاقی ، و دەروونی و تەندروستیدا.

**پالنەری ژینگە :**

ژینگە چ خیزان بێت چ کۆمەلگە..! کاریگەری لەسەر پەروەردەکردن و گەشەکردنی دەروونی و هزری تاك هەیە ، ئەو ژینگانەی کە شەر و ناکوکی تیدا زۆرە هەڵسوکەوت و لایەنی دەروونی تاکەکانی جێگیر نابێت.

ئەو کۆمالگەییەی کە پیاو سالاری تێیدا باڵادەستە ئەوا پیاوەکان توندوتیژترن . بۆیە توندوتیژی لەو جۆرە کۆمەلگەیەدا زیاترە کەواتە ژینگە رۆلی سەرەکی هەیە پەروەردەکردنی تاکدا.

**هەلومەرجی گوزەران و ژیانکردن:**

ئەو کەسانەی کە ئاستی ژیان و گوزەرانیان خراپە واتە بێکار و بێ ماڵ و حاڵن ..! ئەوانە توندوتیژترن و سەختی بواری ژیانیان کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر دەروونیان .

**کەلتوور :**

ئەو کۆمەلگەیانەی کە کەلتوریان پەیوەستە بە رەق و کینە نواندن ، و خۆسەپاندن بەسەر ئەندامانی خێزان و گەشەپێدانی توندڕەوی لە پەروەردەکردندا ، بە بۆچوونی ئەوان : بۆ ئەوەی ژن و منداڵ لەدەست دەرنەچن.

ئەو جۆرە تێگەیشتنانە وایکردووە تەنها پیاواکان بریاردەربن بۆ چارەنوسی ئەندامانی تری خێزان.

**بەکارهینانی رەقی و توندی لە مامەڵەدا:**

باوك بۆی هەیە هەرجی بیەوەی بیکات بەرامبەر بە مندالەکانی و ژنەکەی و کۆمەلگە ، بە پاساوی ئایین ، کە گوایە پیاو مافی رەهای هەیە ئەوە بکات و ئاین ریگەی پێداوە.

**بەهای رۆشنبیری و پیوەرەکانی کۆمەلایەتی:**

لەناو هەندێک کۆمەلگەدا هەندێك پیوەر دانراون کە تەنها(ژنان) دەگرێتەوە ،وەك : شەرەف ..!! هەر ڕەفتارێکی ژن ، چووە ئەو قالبەوە .. ئەوە سزای توندی دەدرێت و هەندێك جار دەگاتە کوشتن ، بێ ئەوەی لە بیناغەی کێشەکەش بکۆڵنەوە . یاسایش پشتگیریان لێ دەکات.

کەواتە ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتنی تاك و پێوەرە کۆمەلایەتیەکان رۆڵی سەرەکی دەبینێت و چارەنوسی تاك دیاری دەکات.

*** تێنەگەیشتن وەك پێویست لە شەرع و ئاین :**

وای دادەنێن کە خودا رێگای پیداون کە لیدان بەکاربهێنن بەرامبەر بە ئەندامانی خێزان .

* لاوازیی دامەزراوە کۆمەلایەتی ویاساییەکانی ناو کۆمەلگە ، کە بە رۆلی بنەڕەتی خۆیان هەلناسن و بێباك و بێ بەرنامەن.

**ئالودەبوون:**

ئالودەبوون بە : دەرمان { ئەلکحوڵ } ، سوشیال میدیا ، پۆپجی ـــ هتد ..! هەموو ئەوانە بونەتە هۆکاری توندوتیژی و هەڵوەشاندنەوەی خێزان ، و ئیهمال کردنی پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان و لێکترازنیان دابڕان لەیەکتر و تێنگەیشتن لەیەك

**حالەتەکانی سەرخۆشی بە :** ئەلکحوڵ ، ومامدەی هۆشبەر ، زیادی کردووە ، و بەهۆیەوە توندوتیژی ، تووڕەیی ، دیاردەی خۆکوشتن ، پەرەی سەندووە.

**بەرزبوونەوەی ریژەی تەلاق:**

* هەلوەشانەوەی خیزان و بەتایبەتی ئەوانەی منداڵیان هەیە ، کاریگەری خراپی هەیە لەسەر لێکترازانی خیزان و هەلوەشانەوەی و زەحمەتی پەروەردەکردنی منداڵ کە لە کۆتاییدا ئەو منداله دوارۆژ گەورەدەبێ و تاکێکی ناجێگیری لێ دروست دەبێت .

* لاوازی هۆشیاری ئایینی ، کە لە پیاوانی ئایینیدا رەنگی داوەتەوە . ئەوان رۆلی خۆیان بەباشی نەبێنیوە ، لە هۆشیار کردنەوەی تاك و راست کردنەوەی ڕەوتی کۆمەلگەدا ، زۆربەیان ئاینیان تێکەڵ بە سیاسەت ، و سوودی تایبەتی خۆیان کردووە و ئاراستەی ئاینیان هاوتەریبی کولتووری کۆمەڵگە کردووە.

**سیستەمی پەروەردەکرن:**

خراپی سیستەمی پەروەردە ، کەمی هۆشیاری لە نێو خێزان سەبارەت بە پەروەردە.

**بوونی کارەکەرلەنێو خێزانەکاندا :**

دەرئەجامی ئەو شێوازە ناپەزیرانەیە ، لەنێوکۆمەلگەی کوردەواریدا ، دەبیندرێت کە ئەرکی بە خیوکردنی منداڵ و ئاگالیبوونیان بەکارەکەر دەسپێردرێت .

**هۆشیاری و زمانی گفتوگۆ لەناو خیزاندا و نەزانین لە هەلبژاردنی هاوسەردا:**

بنەماکانی هەلبژاردنی هاوسەر لە نێو کوردەواریدا هەلەن ، و ئەمەش وادەکات کە کور یا کچ بکەونە داوی کەسێکی هەڵەو و هاوسەرگیرییەکی نەگونجاو ، لەجیاتی بەهاکانی ڕەوشت و هزر ..! بنەمای نامۆ جیگەیانی گرتۆتەوە.

**چۆنێتی جارەسەری ئەم حاڵەتە//**

پیویستە پیداجوونەوە بکرێت لە بنەماکانی هاوسەرگیریدا . هەلبژاردنی هاوسەر یەکێکە لا ئەرکە گرنگەکان کە کرۆکی خیزانە . بۆ ئەوەی بناغەی خیزان توندتۆڵ و باش بێت ، پیویستە هاوسەری باشت هەبی .

هەرکەس پیوەری جیای هەیە بۆهەلبژاردنی هاوسەر، پیوەری راست و دروست بۆدەستنیشان کردن ..! بەپلەی یەك خوداناسی و جوانی ڕەوشتە ، پاشان لێهاتوویی هاوکوفی ، یان گونجانی نێوان دووهاوسەر و ژیانکردنیان پێکەوە .

خۆ ژیان لەگەل هاوسەرێکی نەگونجاو و ناساڵح کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر پەیوەندی و هەلسوکەوت و مامەڵە و پەروەردەکردنی منداڵ و پەیوەندی لەگەل دەوروبەر ژیان قورس دەبی و بێ کێشە وگرفت نابێت.

**ماف گەیاندن و جێبەجێ کردنی ئەرکەکان:**

رێزگرتن لە مافی یەکتری وە پیدانی مافی یەکتری ، وە جی بە جی کردنی ئەرکەکانی خۆیان بەرامبەر یەك و بەرامبەر بە خیزان ، هەر هاوسەر پیویستە رۆلی تەواوی خۆی بگێرێ لە بنیادنان و گەشەپیدان و بەهێزکردنی پەیوەندی خێزانی.

**دابەشکردنی بەرپرسیاریەتی :**

گەر ئەندامانی خێزان ئەرکەکان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن و هەرکەس بەئەرکی خۆی هەستێ بە ئاراستەی پاریزگاری کردن لە خیزان ، بۆ مانەوە و بەرەوپێش بردنی ، چارەسەری هەندێك لە گرفتەکان.دەکات.

**کارکردن لە سەرتاك :**

هەر تاکێك دەولەمەند بکرێت بە ئەخلاقی جوان و دروست ، و فێری مامەڵەکردنی باش ببێت ، لەڕووی هەلسوکەوت لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵدا ، لەسەر بنەمای ئەخلاق و مامەلەکردنی چاك ، بێگومان خێزانی بەهێز و دروست بەرهەم دێت.

**گەران بە دوای چارەسەردا:**

گەر تاکێکی خیزان کێشەی هەبوو یا گرفتێکی هەبوو ، ئەوا دەبێ زوو چارەسەری بۆ بکرێت ، گەر ئەندامانی خێزان نەیانتوانی هاوکار بن ، بەهەر هۆیەك بێت ، پیویستە بگەرێین بە دوای چارەسەردا لە رێگەی مەشۆرەتەوە بێت یان دەستەواژەی ترەوە . بۆ لابردن و دوورخستنەوەی هەستکردن بە رق و کینە ، و تورەبوون ، و نەشازبوون ، و هەلچون ..!!

**ڕێگەگرتن لە تەلاق و جیابوونەوە :**

کار کردن لە سەر هۆکارەکانی تەلاق و دۆزینەوەی جارە ئەو خالە دەبی حکومەت و دامەزراوەکانی بەشداربن ، وەکو گەر بی کارییە ئەوە کار بدۆزرێتەوە.

## دادپەروەری :

دادپەروەری لە مامەڵەکردن لە نیوان مندالەکان و ژنەکان ، گەر کەسەکە زیاتر لە یەك ژنی هەبوو ، یەکسانی لە مامەڵەکردن لە نیوان مندالەکانی ، زوڵم نەکرێت یان مافی یەکیکیان لە سەر حسابی ئەویتر نەخورێت ، هەمووی بەیەك چاو سەیر بکرێن ، یان کارامەیی بکرێتە پیوەر و پالنەر بۆ گەشەکردن و بەرەوپیشچوونی کەسەکە و خیزانەکە.

## میدیا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە:

بەهیزکردنی میدیا ودامەزراوەکانی کۆمەڵگە بەکەسی هۆشیار و کارامە کە تاکی کۆمەڵگە سوودی لی ببینن و گرفتەکانی تاك جارەکەن هەریەك لەو دامەزراوانە رۆلی حەقیقی خۆیان ببینن وەکو لایەنێکی بەرپرس هەلسن بە ئەرکەکانیان لە سەر ئاستی تاك و خێزان و کۆمەڵگە و نیشتمان .

✍✍✍✍✍✍✍

# جێندەر ---------------------------



عدنان بەرزنجي

ماوەیەکە ووشەی جێندەر هەموو میدیاکانی تەنیوە بەڕاست و چەپ قسەی لەسەر دەکرێت، هەندێک لەو قسانە تەنها هەلەق و بەلەقن، هەندێکیان فۆبیایەک لەدڵی بینەر، خوێنەر گوێگرەکاندا دروست دەکات وەهەندێکیشیان بە تێگەیشتنی شیکەرەوەی ووشەی جێندەر ڕەنگە پێی خۆش بێت یان بە پێچەوانە پێی ناخۆش بێت، دەبیت گوێگرەکانی لەسەری بڕۆن.

من تێناگەم بانگخوازی ئیسلامی ڕێکخراوی ژنان ڕێکخراوە کۆمەڵایەییەکانی تری ناو کۆمەڵگە هەموی سەرقاڵن ووشەیەکەوە کە ڕەنگە بڵێم لێشی تێ نەگەیشتوە. شیکردنەوەیەکی سادە بیرکردنەوەیەکی کورت و بچوک.

جێندەر وەک هەموو ووشە فەلسەفییەکانی تر مانای زۆر شیکردنەوەی زۆر دەدات بەدەستەوە، ڕەنگە هەموو شیکردنەوەکانیش ڕاست بن، بەڵام بەشێکی بجوکن لە ماناکەی.

گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە بینیان نەکردۆتەوە چۆن مرۆڤەکان بە تێروتەسەلی لە بواری خۆشبەختی ئارامی زانیاری دروست پەروەردە بکەن، بەڵکو کاتە زێڕینەکانی خۆیان پاشکەوتوانی خۆشیان بەفیڕۆ دەدەن.

مرۆڤ لە سەرەتای ژیان کە خۆی بە چی ناسی، خۆی بە جوانی بینی ئەوا هیچ هێزێک نیە گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەیدا بهێنێت، گرفتەکە ئەوەیە پەرە نادەن بەوەی کە منداڵەکان خۆیان بە جوانی ببین بە زاناو دانا ببینن، سەرقاڵ بن بە داهێنان و پێشکەوتنەوە، تاوەکو کاتیان نەبێت بۆ بیرکردنەوە لە جێندەری.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر کوڕێک بە مێشکێکی کوڕانە و جسمێکی کوڕانە لە دایک بێت هەرگیز بیر لە گۆڕینی ڕەگەزی خۆی ناکاتەوە بۆ کچیش هەروەها، بەڵام لە کاتێکدا کە هەڵەیەک لە هەڵکەوتەی دا دەبێت، ئێمەی بەرامبەر، لەسەرمانە تەنها ڕێزی لێ بگرین بڕیاریش دانێین بۆ خۆی، خۆ ئەگەر توانیمان هاوکاری بکەین، بەڵام نەکەین لە کەسایەتی بدەین هەر وەک چۆن خۆمان پێمان خۆش نیە لە کەسایەتیمان بدرێت.

بەهیوام بتوانین پەروەردەیەکی باشی خۆمان وە تەنها منداڵانی خۆمان بکەین نەک منداڵی کەسانی تر وە ژیانێکی خۆش بۆ خۆمان دابین بکەین بیری ناخۆش و بەسەرچوو نەکەینەوە تا سەرمان بئێشێنێت.

ژینێکی خۆش بۆ هەمووان

عەدنان بەرزنجی

**بۆچی دەستی ڕاست لەکاتی سوێندخواردندا لە دادگا بەرزدەکرێتەوە ..؟**

ئامادەکردن و پێداچوونەوەی / عبدالكريم بەرزنجي ⌂ گۆڤاری کوردان

ئەودستەواژەیە لەئاسایی کردنەوەیە ..!!

لەسەردەمی شارستانێتی{ میزۆپۆتامیا }دا پیادەکراوە ، بە تایبەت لە سەردەمی پادشای بەناوبانگی بابیلی{ حەمورابی }دا ، کە شەشەم پادشای بابیلییەکان بووە ، دەسەڵاتەکەی ماوەی ٤٢ ساڵ درێژەی هەبووە . کە لە ساڵی ‹‹ ١٧٩٢ـی پ.ز ›› ـەوە تا ساڵی ‹‹ ١٧٥٠ـی پ.ز ›› .

حەمورابی : دانەری یاسا نووسراوەکانی بابیلییەکان بووە ، کە بە لە مێژوودا بە « مەسەللـەی حەمورابي » ناسراوە . ژمارەی مادەکانی ٢٨٢ مادده بووە . یەکێك لەو ماددانەدا دەڵێت : هەرکەسێك فێڵ لە بەرهەمهێنانی شیر و هەنگوین و ڕۆن دا بکات ، تاوانە ، و سزاکەیشی داخکردنی ناولەپی دەستی ڕاستێتی بە شیشێکی سوورەوەکراو بەئاگر ، وە لەسەر شێوازی خاچ{ × }.

بۆیە کاتێك لە دادگادا کەسێك سوێند بدرایە ، دەبوایە دەستی ڕاستی بەکراوەیی بەرزبکردایەتەوە ، تا بزانرایە ئەو کەسەی کە سوێنددەدرێت ڕابردووی پاکە .

جاگەر کەسێك نیشانەکەی لەنێو لەپی دەستیدا بینرابایە ، ئەوە زنراوە کە کەسێکی فێڵبازو درۆزنە و وتەی لێ وەرنەگیراوە .

لەودەمەوە لە ئاسایی کردنەوەی ئەو کردارە بووەتە عادەت ، تا ئێستەیش کورسی بەستووە ، و لەکاتی سوێندخواردندا لە دادگا دەستی ڕاست بەرزدەکرێتەوە.

⌂ کوردان

**هاوڕەگەز ------------------------- چیمەن سماقولی**



هەموو ساڵێك ووشەی تازە دێت ، کە بەکاردێ لەمەو بەدواوە

ئەو سال فۆکس لەسەر ووشەی جێندەر- هاورەگەز بوو نوێ بوون کە هەبوون بەڵام بەشێوەیەکی تر پەردەی لەسەر لابرا...

ووشە تازەکان بۆ گفتوگۆ کردنن

ووڵاتانی کە حکومەتن ، ئامادەکارییان کردووە ، لە چەندەها سا/ی پێشوو گفتوگۆ دەکرا لەسەر ، ئەو دەنکە گەنمەی کە دەچەنرێ دەبێتە رووەکی گەنم وچەندەها گوڵەگەنم هەڵدەگرێت و گوڵە گەنمەکان چەندەها دەنکە گەنمەیان تێدایە ، ئایا ئەو دەنکە گەنمە تازانە ، لە ڕەواڵەت و ناوەرۆك و مواسەفات هەر وەکو هەمان دەنکە گەنمە چێندراوەکەن ؟

لێکۆلینەوە زۆری لەسەرکرا ، لێکۆڵینەوەکان خاک و ئاو هەوا سەماد ، نەخۆشی هەڵ و مەرجەکانی چاندن و کەشەکردنیان لەبەر چاو گرت

دەرکەوت وەڵامەکەی نەخێر بوو ، راستە گەنمە بەڵام جیاوازە ، کوالیتی گۆڕاوە...

نەرویج یەکێکە لە ووڵاتانەی کە مەخزەنێکی ژێرزەوی دروست کردووە بۆ هەڵگرتنی تۆو بە کوالیتی باشی ئەسڵی بۆ نەوەی داهاتوو..

گۆرانکاری لە ژینگە کاریگەری کردووە لەسەر رووەك ، و مرۆڤ بەکارهێنەرە بۆ رووەك وە ئاژەڵ .. ناراستە وخۆ کاریگەری هەیە...

ژینگەی کوردستان ئەورۆ بە زۆر شت پیس بووە ، بەنزین ، شەرو تەقەمەنی ، دەرمانی خراپ ، خواردنی خراپ ، ماددەی کیمیاوی ممنوع کەڵەبەر هەمەکانی پاککردنەوە و مکیاچ هەیە ....هتد

کاریگەرییەکانی لە سە ر ئافرەت زۆرە ، ئەوەش دەبینرێ کە کچ و ژن تێکچوونی هۆرمۆنی یان هەیە ، لە میسر نەخۆشی هێلکەدانیان هەیە ، کە بۆتە نەخۆشییەکی زۆر بڵاو

چاوەرێ ئەوە مەکە کە ڕافرەتێك هۆرمۆنە تێکچووە بێ و مندالێکی رەگەز تەواو تەندروست دروستکات..

خۆشی بێ تالّی بێ دەبێ جێگایی ئەو خولقاوانە بکەیتەوە کە لە نێوان رەگەزی نێرو مێ دان

تا ئێستا ئەو ووڵاتانەی کە ووڵاتن لیکولینەوەیان کردووە و گەیشتووم بەوەی لە رێگەی زانستی رەگەزەوە هەیە..

کوردستان موسڵمانە ، لە عەرەبیش موسلمانترە کە ئەوان ئەسڵی ئایینن ، ئایین دەڵێ الحكم للله ، واتە خوا حوکم دەدات نەک بەشەر ، وە دەڵێ : لا تبديل لخلق الله , دیسانەکە کارەکە لە دەست بەشەردا نییە وە دەڵێ ، المتشبهون بالئكر أو انثی ،،، ئەوەی کچە وەکو کور خۆی نیشان دەدات و پێچەوانەکەی لە لایەن خوداوە ، لەعنەت لێکردوون ، کارەکە کاری خودایە نەک بەشەر

وە لە حەدیس ، باسی خنثی ، کراوە ، کە لێردا باس ناکرێ ، ئەم بابەتە پێویستی بە شارەزای ئایینی و دکتۆری دەروون ناسی و دکتۆری بایۆلۆجی هەیە ...

لێکۆڵینەوەیەکی عێراقی لەسەر شزوز و سەیرکردنی پرۆنۆ دەرخستووە خەڵکانی شیماڵ حەبیب لەسەرەوەی قایمەکەن

لە ووڵاتی ئێران ساڵی ١٩٨٤بە ئەمری خومێنی بریاردراوە ، هەر کەسێک کە دکتۆر بریاری گۆرینی رەگەزی بۆدا شەرع رێگر نییە..

ووڵاتی تایلند ژمارە{١}لەو نەشتەرگەریانە ، روح وجەستە دەبێ یەک رەگەز بن .

جا باوانی داهاتوو کاریان زۆر قورس دەبێ ، بتانەوێ و نەتانەوێ بەرنگاری مندالی وا دەبنەوە . بڕیاردان لەو بابەتە زۆر قورسە بۆ کەسەکە کە لەو حاڵەتەدا دەژی وە بۆ دەوروبەری ، بەڵام هەر دەبێ بریار بدرێ...

پێویستە لە ئێستاوە ئامادەکاری بکرێ و خەڵکی پسپۆر پەروەردەکرێ ، هۆشیاری بدرێ بە تاکی کورد چۆن مامەڵە بکات و چۆن ئەو حاڵەتە قەبوڵ کات و چارەی بکات . قەبوڵکردن ، رێزگرتن ، دوو وشەی گرنگن و زۆر کێشە چارەدەکەن و لەمێژە لە قامووسی خەڵکانی تێگەیشتوو هەن ، زیادی کەن بۆ فەرهنگەکەتان ..!

هیوای تەندروستییەکی باش و بەردەوام ودوورلە کێشە بۆ هەمووان دەخوازم

# « خرتێ »

خوێندنەوەیە بۆ نامیلکەی چیرۆکە شێعری « خرتێ »

/ هاناجەهانی پێداچوونەوەی / عبدالکریم بەرزنجی

## نامیلکەی « خرتێ »

نووسینی ( فەرید ڕاژین )

**کورتەی ئەم چیرۆکەشێعریە ئاوایە :**

سمۆرەیەك سەرەڕای ئامۆژگارییەکانی دایکی ، لە ماڵ دوور دەکەوێتەوە و ڕێویەك و قاڵاوێك ڕێی لێ دەگرن و دەیانەوێت بیبەن بۆ ماڵی خۆیان ، بەڵام پەپوولە فریای دەکەوێت و لە پیلانەکانی ئەو دووانە ئاگاداری دەکاتەوە و دەیباتەوە بەرەو ماڵی خۆیان .

ناوەرۆکی ئەم نامیلکەیە ، بابەتێکە بۆ منداڵان و شاعێر ناوەرۆکێکی هەڵبژاردووە کە بەندە بە ژیانی منداڵانەوە ، و منداڵ بە ئاسانی پەیوەندی لەگەڵ دەگرێت . زمانی ئەم کتێبەش ، زمانێکی سادە و منداڵانەیە و تێکەڵێکە لە زاراوەی ئەردەڵانی و زمانی پێوەر ، جگە لە چەند وشە کە لەوانەیە لەلایەن گەورەکانەوە پێویستی بە ڕێنوێنی بێت ، شاعێر هەوڵی داوە وشەگەلێکی سادە و ئاشنا بەکاربێنێت.

هەڵبژاردنی ناوی بابەتی کتێب ونامیلکەکە ، کارێکی دژوارە و هەندێك جار لە نووسینی بابەتەکە دژوارترە دەبێت .

ناوی نامیلکە وکتێب ئەبێ هەم پەیامێك بگەیەنێت و هەم خوێنەر هان بدات بۆ کڕین و خوێندنەوەی ئەو بابەتە ، ئەم هەڵبژاردنە لە کاتێکدا دژوارتر دەبێت کە نووسەر دەزانێت چەندین نموونەی تری وەکوو نامیلکە یان کتێبەکەی ئەو هەیە.

پێویستە نووسەر هۆشیار بێت و بۆ ئەوەی بابەتێکی سەرکەوتوو بەرهەم بێنێت ، و ناوێك هەڵبژێرێت کە هەمووان سەرسام بکات.

یەکەم خاڵی سەرنجڕاکێشی ئەم نامیلکەیە ، ناوەکەیەتی.

بە بینین و بیستنی ناوی "خرتێ" هەر خوێنەرێك دەزانێت کە ئەمە بابەتێکی منداڵانە و بگرە گرووپی تەمەنی بەردەنگیشی پێوە دیارە.

« خرتێ " ناوێکی منداڵانە و ئاشنا و شیرینە و بە ئاسانی خوێنەر بەرەو لای خۆی ڕائەکێشێت و لەوانەیە بۆ هەمیشە لە مێشکی منداڵدا بمێنێتەوە.

ئەم نامیلکەیە بابەتێکە بە وێنە و نووسراو ، شانبەشانی یەك لە سەرەتاوە تا کۆتایی پێکەوە ، بە هاوئاهەنگیەکی جوان تەریب کراون و چاوی خوێنەر لەنێوان وێنە و نووسراوەدا ئەگەڕێت ، وەك دەڵێن دەبێت وێنە و نووسراو تەواوکەری یەکتر بن ، لەم چیرۆکەشێعریەدا ئەم ڕێچکەیە بە جوانی نمایش کراوە و وێنە سەرنجڕاکێشەکانی ئەم نامیلکەکە بەشێکی گەورەی لە گەیاندنی پەیامی شێعرەکەدا گرتووەتە ئەستۆ.

لەنێو بنەماکانی شێعردا، یەکێك لەو بنەما سەرەکییانە کە ئەبێتە هۆی گۆڕینی بابەتێکی پەخشان بۆ شێعر یان نەزم ، سۆزە. لەم ، بابەتەدا و لە دەسپێکی شێعرەکەدا دەردەکەوێت و دواتر لە سەرجەم دێڕی شێعرەکاندا بەدی دەکرێت.

دایک یەکێک لە سەرەکیترین هێماکانی سۆزە لە ئەدەبیات و ژیانی ئاساییدا، ئەم هێما و کاریگەرییەکانی لەسەر کەسایەتییەکان، بە جوانی نیشان دراوە. بۆ نمونە لە لاپەڕەی یەکەمدا دەڵێت:

خرتێ کە لەخەو هەستا<br>
تا لای دایکی نەوەستا

وتی بە دایکی : دایە<br>
قەینا بچم بۆ کایە ..؟

یان لەوکاتەدا کە دایکی سمۆرە ونبووەکە بە دوایدا دەگەڕێ و سمۆرەکە گوێی لە دەنگی دەبێت:

کە گوێچکەی دا بەخاسی<br>
دەنگی دایکی خۆی ناسی

هاواری .. خرتێ خرتێ<br>
تائەم بەری ڕووبار، تێ

تاکو دەنگی دایکی هات<br>
بۆ لای ئەودەنگە هەڵات

سومبولێکی دیکە کە بەکارهێنراوە ، پەپوولەیە . « پەپوولە » هێمای ئارامی و خۆشەویستییە و ئەم هێمایشە بە دەربڕینێکی جوانە کە بۆ« خرتێ » نواندوویەتی ، ڕەهەندی سۆزی ئەم چیرۆکەشێعرەی زەقتر کردووەتەوە .

خاڵێکی تر کە لەم ناميلکەيەدا دەکرێ ئاماژەی پێ بکرێت{ موتيف }ـە ، لەوانەيە موتيف نيشانەيەکی تايبەت ، يان وێنەيەکی دووپاتکراوە ، يان نموونەيەکی زارەکی بێت . زۆرێك لەم نيشانانە کە بەهۆی دووبارەبوونيانەوە لەناو نووسراوەکاندا بوونەتە هێماگەلێکی ئاشنا . هەرچەندە لەوانەيە بە دووبارەبوونەوەيان خوێنەر وەڕسبن - بەڵام واتاگەلێکی پڕمانایيی هەڵبژاردە و تايبەت لەگەڵ خۆيان دێنن .

سەرچاوە :

ازاين باغ شرقی ، دکتر پروين سلاجقه ، لاپەڕەی ١٥١ .

يەکێک لەو سومبولانە ، سومبولی ئاژەڵ و زيندەوەرانە کە لە ئەدەبياتدا ، و بەتايبەت لە ئەدەبی منداڵاندا ، بە زۆری کەڵکی لێ ورگيڕدراوە

« ڕێوی » يەکێکە لە سومبولە ناسراوەکان و هەموو کاتێك واتای فێڵبازی و پيلانگێڕان بۆ فريۆدانی کەسانی تر لەگەڵ خۆيا دێنێت.

ئەمە دەکرێت هەم وەك خاڵێکی بەهێز و هەم خاڵێکی لاواز دابنرێت . لەبەر ئەوەی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا زۆر بە ئاسانی ئەتوانێت پێشبينی ئەوە بکات کە شاعێر لە چ هێمايەك کەڵکی وەرگرتووە بۆ بەرەوپێشبردنی چيرۆکەکە.

ئەم بابەتەيش وەك زۆربەی چيرۆکە شێعرييەکان کە بۆ منداڵ ئامادەکراون ، هەم ڕۆڵ و دەوری فێرکاريی هەيە و هەم بيرۆکەی سەرەکی نووسينی لەبەر فێرکاری و بەئاگاهێنانەوەی منداڵ لە کارەساتێکی ناخۆشە کە لە کۆمەڵگەدا ڕوبەڕوويان دەبێتەوە ..! ئەيەوێت بەدەنگی ئەم بابەتە لەو کێشانەی کە بەهۆی نەبوونی دووربينييەوە ڕوودەدات ، ئاگادار بکاتەوە.

بەبۆچوونی نووسەری بابەتەکە(فەريد ڕاژين)هۆشيارکردنەوە و فێرکردنی منداڵان بۆ بڕوانەکردن بە کەسانی بێگانە ، هۆی نووسينی ناوەڕۆکی سەرەکی ئەم کتێبەيە.

ئەدەبياتی منداڵان ، زۆر کات دەکرێت بە ئامرازێك بۆ مەبەستەکانی فێرکاری زۆربەی نووسەران ، زۆر جار بۆ فێرکاری لە بوارە جۆراوجۆرکانی ئايينی و ئەخلاقی و ... هتد ،کەڵکيان لە ئەدەبيات وەرگرتووە .

بەڵام نابێت ئەوەيش لە بيربکەين ، کاتێك مەبەستی نووسەر تەنيا فێرکاری بێت ، نووسراوەکەی دەچێتە ژێر کاريگەريی ئەومەبەستەوە ولە جياتی نووسينی بابەتێك کە لە دڵەوە هەڵقوڵابێت .
ئەبێتە هەوڵی سازکردنی بابەتێك کە بنەماکانی جوانکاری تێيدا دەبێتە قوربانی ڕەهەندی فێرکاری ، و لەوانەيە تا ڕادەيەك لە چێژ و جوانيی بابەتەکە کەمکاتەوە .



# سەرنووسەر لە چەند دێڕێکدا

- عبدالكريم بەرزنجی
- لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٩
- نیشتەجێی شاری کەرکوك

لەسەردەمی منداڵیەو ، رۆژگارەکانی ژیانی پەیوەستبووە بەشیعر و ئەدەبییاتەوە. مەجلیس و شەوچەرەی دیوەخانی باوکی بەهەشتی{ فەخری }شێخ ئەحمەدی شۆریجە ، هەمیشە ئاوەدان بووە بە کۆڕی شیعر و ئەدەبییاتەوە ، بۆیە عبدالكريم شەیدای ئەو چەمکە مەعریفیە گرنگ و پڕ بەهایە بووە . رۆژگار تێدەپەڕێت و ئەویش زیاترتامەزرۆ و شەیدای چوونە نێو گوڵزاری شکۆداری ئەدەب دەبێت. سەرەتای نزیك بوونەوەی لە ئەدەبییاتەوە لە دەستپێکردنی خوێدنی ناوەندیەوە بووە. ساڵی١٩٦٧، بۆ ئەوەی زیاتر لە کتێب نزیك ببێتەوە ، لەگەڵ هاورێیەکیدا کتێبخانەیەکی لە گەرەکی شۆریجەی شاری کەرکووك دەکاتەوە بە ناوی [نامەخانەیمەشخەڵ] ، ئیدی زیاتر بوواری خوێندنەوەی بۆ دەرەخسێت ، لە کۆتایی شەستەکاندا دەستی کردووە بە وەرگێرانی هەندێك بابەت. یەکەم بابەتی ئەدەبی لە ساڵی ١٩٧٠دا ، لەژێر سەردێری {گوڵزاری بێگەردی پێغەمبەری}دا لە رۆژنامەی [ژین]دا بڵاو کراوەتەوە ، ئیدی لەودەمەوە بوواری نووسین و وەرگێرانی فەرامۆش نەکردووە . بابەتانەی نووسراو و چاپکراوەکانی ئەمانەن:

- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو بەرێوەبەری لقی کەرکوکێ کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی بوو ساڵی ١٩٧٠

١- کورتەباسێك دەربارەی ژیانی [فەخری]شێخ ئەحمەدی شۆریجە / کتێب .
٢- نداء الحق ، نامیلکەیەکە بە زمانی عەرەبی.
٣- بەرێوەبەری هونەری گۆڤاری[نـۆزا] بووە کە لەوڵاتی دەنیمارك .
٤- خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤاری{ کورددان }ـە .
٥- بەرگی یەکەمی کتێبی ناودارانی گەرمیان .

عبدالكريم شێخ أحمد بەرزنجی